# ئالآی کوردستان ومارشی ئەی ڕەقیب بردیانەوە ،
# نەك قەڵەمە نوك شکاوەکان !!

**بەختیار سەعید**

**ماوەیەکی زۆرە هەندێك قەڵەم بەدەستی نوك شکاو هەزیل ومجامەلەچی قەڵەمەکانیان تەرخان کردووە ،بۆ ئەوەی هەریەکەیان بەجۆرێك کار بۆ ئەوە دەکەن لە لایەك ئالآی کۆردستان بگۆڕن ولەلایەکی تریشەوە سروودی ئەی ڕەقیب بگۆڕن !! هیچ ووشەیەك شك نابەم بەرامبەر بەو کەسانە بەکاری بهێنم کە دیدو بۆچونەکانیان دیارە ،کە لەسەر کام ئایدۆلۆژ گەمەدەکەن !!وە لەسەر کام بنەما کار بۆ گۆڕینی ئالآی کوردستان ومارشی ئەی ڕەقیب دەکەن! کە لەدیدگایەکی ئاینی وئیسلامییەوە سەرچاوەی گرتووە !! ئاخر ئەوان لە پەرلەماندا ئامادەنین ساتێك بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان بە پێوە ڕابوەستن و تەنانەت سورەتی فاتیحەش بۆ شەهیدەکان ڕەوانابینن !! ئیتر چۆن کار بۆ گۆڕینی هەموو ڕەمزو بەها پیرۆزەکانی خەباتگێران وتێکۆشەرانی گەلەکەمان ناکەن ؟! کە هەزاران شەهید وقوربانیان لە پێناودا بەخشیوە . مەخابن لەیەکەمین ڕۆژەوە ئەم هەڵوێستانە لەلایەن سەکردایەتی کوردستانەوە بە جدی وەرنەگیراو !! ئەوا ئێستا ووردە ووردە بە کەماڵی شان ئەوان کاری بۆ دەکەن و لە هەمووی سەمەرەتریش ژمارەك قەڵەم بەدەستی نێو پارتی ویەکێتی زۆر گیلانە بێئەوەی بەخۆیان بزانن کەوتوونەتە ناو داوی گروپی گۆڕینی ئالآی کوردستان وئەی ڕەقیبە وە!! هەریکەیان ووتارێکی زۆر سادەو سکار دوور لە هێنانەوەی بەڵگەی زیندوو کاریگەر کەشیکاری سیاسی ڕابردوو ئێستاو داهاتووی تیا بەرجەستە بێت!! بڕوانن بەناو نووسەرێك هەر لەبەر ئەوەی ماڵەکەی لە گەڕەکی مەسیحیەکانی عەنکاوەیە و دەیەوێت مجامەلەیەکی سەرکیس ئاغاجان وهەندێك لە بەپرسانی مەسیحی بکات گۆشەیەکی هەفتانەکەی خۆی تەرخانکردووە بۆ گۆڕینی ئالآی کوردستان !! بەجۆرێك ئەوە ئالآیە دروست بکرێت، کە ڕەمزی ئاشوری وکلدانەکانی تیا ڕەنگ بکرێت ! پێم وایە ئەم جۆرە نووسینانە ئەوەندەی خزمەت بە گیرفانی ئەو قەڵەم بە دەستە دەکات ، هیچ خزمەت بە برا مەسیحیەکان ناکات !ئاخر مرۆڤ چۆن تووشی هیستریا نا بێت، خودی مەسیحیەکان دەیان نووسەرو ڕۆژنامەنووسیان هەیە عەقڵیشیان بەم بابەتەش شکاوەو دیرێکیان لەسەر نەنووسیوە، تەنها لەسەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی نەبێت بەڕاشکاوانە پرۆژەی خۆیان درکاندووە وسەرکردایەتی کوردستانیش بەڕێزەوە لێی قبولْ کردوون . ئەگەروابێت هەرکەسەی ماڵەکەی لە هەرشوێنێك بێت مجامەلەی مەسئولی ئەو شوێنەبکات بۆ پارچەیەك زەوی ! یابۆ چەند دۆلارێکی ئەمریکی ! ئەوا با هەموومان فاتیحە بۆ گیانی گشت دەست کەوتەکانی میللەتەکەمان بەدەنگی بەرز بخوێنین !! یا هەو ڵدان بۆ گۆڕینی سروودی ئەی ڕەقیب !! باوەڕتان هەبێت مەخلوقی وەهای قسەیان لەسەر ئەی ڕەقیب کردووە! لە ژیانیاندا دوو هۆنراوەو سروودیان نەك لەبەر نەکردووە بەڵکە هەرنەشیان خوێندۆتەوە!! وا ئەمرۆ لە ئێمە بوونەتە دڵدارو پیرەمێرد ونالی ومەلای جزیری وجگەرخوێن !! بەداخەوە لە ڕۆژنامەکاندا ئەو هۆنراوەی شێرکۆ بێکەس م خوێندەوەکە لە جیاتی ئەی ڕەقیب نووسیوێتی ! هەرچی بڵێت لە وورەو حەماسەت لە جەستەی ئینساندا نایهێڵت وهەمووی دەکوژێت ؟! لێرەدا حەقە ئەو پرسیارە بکەین کێیە وا خۆی کردووە بەکوێخاو فەرمانی داوە شێرکو بێکەس شعرێك بۆ مارشی نیشتیمانی بنووسێت ؟! لە هەموو مەهزەلەتر یەکێکیش خۆی کردووە بە ئاواز دانەری شیعرە نوێکە!! گوڵم سەیرە ئەم میللەتە مەزڵوم وغەدرلێکراوە کە هەزاران شەهیدی لە پێناوی کوردستان وسروودی ئەی ڕەقیب بەخشیوە .بێ ڕاوەرگرتنی خەڵکی وکەسوکاری شەهیدان ،گیرفان چەورەکان وموشەخۆرەکان دەیانەوێت بیگۆڕن!! لەبیرمە شەهدان ئامانجە ڕەش و دانای ئەحمەدی‌شانازی خەراجیانی لە ڕێکخستنەکانی ئەوسای پارتی بوون، شەوێك زۆربەی دیوارەکانی گەڕەکەکانی سابونکەران وگۆیژەو ئیبراهیم پاشای شاری سلێمانی یان بە سروودی ئەی رشەقیب ڕەش کردبوەوە واتە نووسیبویان ،ئێستاش ناحەزان وهەندێك لە قەڵەم بەدەستانی مجامەلەچی کە هەندێك جار دەست بەکونی وەهادا دەکەن مار بە مارێتی خۆی پیاناچێت ئەمان زۆر جوامێرانە بوونەتە گۆڕ هەڵکەن و دەست ودەم بۆ هەمووشتێك دەبەن بێئەوەی بزانن ئاکامەکەی چیە ؟! سەیر لەوەدایە ئەم قەڵەم بەدەستە خۆی بە هونەرمەندو وەرزشەوان وسیاسی ورشۆژنامەنووس ودبلۆماسی وموحەلیلی سیاسی توێژەری کۆمەڵایەتیش دەزانێت و لە هەموویشی هەمیشە بەگی بە قوەتە!! خۆشبەختانە ئەوەبوو جارێکی دیکە سەرۆکی کوردستان هاتە دەست و لە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستاندا زۆر بەتوندی وەڵامیْ جەرگ بڕی دانەوە بە چەشنێك کەتاماون نەوێرن هێما بۆ هێڵە سوورەکان بکەن !!**